*Kurdistan Demukratic Party*
*Sweden*

*Partiya Demukrata Kurdistanê*
*Swîd*

**پارتی دیموکراتی کوردستان – سوید**

ژمارە / 20
بەروار 2020/3/14

بەڕێز : فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان / سوید
بابەت / کۆنفرانسی بەتەوەیی

سڵاوی خەبات و تێکۆشان
بێگومان هەموو هەوڵێک بۆ یەکخستن و ڕێکخستن و سەرخستنی هزری نەتەوەیی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکریزی ماڵی کورد دەستخۆشی لێدەکرێ و بەرز دەنرخێندرێت ، بەڵام پێویستە ئەو هەوڵانە بەشێوازێک ڕێکبخرێن کە هەموویان لەژێر چەترێکدا کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکان بەباشی بپێکێ .
جا هەر لەو ڕوانگەیەوە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بەسەرپەرشتی و چاودێری جەنابی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە هەولێری پایتەختی کوردستان ڕێکدەخرێت کە هەموو ئەو بەڕێزانە بانگهێشتی ئەو کۆنفرانسە دەکرێن کە خەمخۆری سەرکەوتنی ئەو بیرۆکەیەن ، لە پەرلەمانی کوردستان و چاودێرانی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کلتووری و جەماوەری و شارەزایان و پسپۆران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ، بۆ ئەو مەبەستەش نووسراوێک لەلایەن لقی ئەورووپای بەڕێز و لەسەر ڕێنمایی مەکتەبی سیاسی بۆ لیژنە ناوچەکان هاتوە کە ئەمە دەقەکەیەتی .

( بۆ ئەوەی هەموو تواناکانی ڕەوەندی کورد لەدەرەوە لەژێر چەترێکی هاوبەشی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆ ببێتەوە ، ئامادەکاریەک دەکرێت بۆ بەستنی کۆنفرانسی ڕەوەندی کورد لەدەرەوە ، ئەم کۆنفرانسە لە هەولێر

و لەژێر چاودێری جەنابی مەسعوود بارزانی ڕێکدەخرێت ، بۆیە داوا لە هەڤاڵانمان دەکەین بەشداری لە کۆنگرەی Diyakurd لەسوید نەکەن )
بۆ ئاگاداری بەڕێزتان تکایە .

هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن

لیژنەی ناوچەی سویدی

وێنەیەک بۆ/
ئارشیفی لیژنەی ناوچە

Hjulstabackar ,10A 163 65 Spånga